# 16 چیرچیرۆکە شیعر

**نووسینی: محەمەدفەریق حەسەن**

## 1 هەورەڕێ

بەو بەرزاییەوە، هەورەکان تیپێ سواری بەرزەدەماخن؛ بەسەر پشتی ئەسپی باوو بۆرانەوە لەحیلە دەدەن و هەڵدەکەنە چوارناڵە.. ئاگر لەناڵیانەوە بریسک و هوڕێتی. شەپۆل لەیاڵیانەوە تافەتافێتی.. سوولاوگە لەکلکیانەوە لووزەوی بەرداوەتەسەر زەوی. وەی لەبەر خرینگەی ئاوزەنگییان، لەبەر پڕمەی ئەسپان، لەبەر خرمەی ناڵان..! ئەوان لەگەڵ بای باکووردا لە پێشبڕکێدان؛ لەم ئاسمانە، هەورەڕێیە.

## 2 ئەمڕۆ

ئەمڕۆ گوێم دەزرنگێتەوە؛ ڕەنگە کەسێ لەپشت هەزاران کێوی سەختەوە زەنگ لێبدا.. چاوم دەفرێ.. ڕەنگە دۆستێ ڕێی کەوتبێتە ئەمشارەو هەواڵمی پرسیبێ.. لەدووررا بۆنی گوڵ دەکەم.. ڕەنگە ئاشنایە خەریک بێ لەدەرگە بدا. پاسارییەکان جریوەجریویانە بووک دەبەن، جێگە ڕاخەن، وا میوانەکان گەیشتن.

## 3 سەری ساڵ

ئەوا سی و یەکی دوانزەیە و شەو خەریکە دوولایی بێ. ساڵ بە مانگ و ڕۆژ و سات و چرکەکانێوە، دوای چەند خولەکێکی دی دەمرێ. بەفر کفنی بەباڵا دەبڕێ و کەسێ پرسەی بۆدانانێ.. ئەم خەڵکە بۆ وا بێشەرمن؟ لەمەرگی تەمەنی ساڵ و هی خۆیاندا، لەپەستا فیشەکە شێتە بە ئاسماندا دەکەن.. دەخۆنەوە تامەست دەبن، تاکفت دەبن سەمادەکەن. نازانم چۆن وا خێرا، نەدی و نەناس؛ متمانەی خۆیان بەخشییە ساڵی نوێ؟ بەچێ مەعلووم ساڵی نوێ، ساڵی گرانی و لافاوو جەنگی ناوخۆ و بوومەلەرزە نابێ؟! هەر پێ و دانگەکەی جارانە: شایەک دەخیچێ یەکێکی دیکەی دێتە جێ.. بژی شای نوێ!!

## 4 کوێریی

خەڵکی کوێرن. بۆ کێ ڕدێنم بتاشم؛ ئاخر مۆدیل پرچم شانەکەم و خۆم بگۆرم ؟ لەپای چی پێڵاو بۆیاخ بکەم ؟ بۆچی بۆیمباخ ببەستم ؟ چی ڕوویداوە هەتا بەتەنگ هارمۆنیای ڕەنگەوە بم؟ بۆ چەپکێ گوڵ لەسەر مێزی تاقمەکەم قوتکەمەوە؟ باخچە و چیمەنم بۆچییە؟.. خەڵکی کوێرن، ئیدی بۆ کانیی چیرۆکم بە لووزەو لەبەری بڕوا و کەسێ نەبێ بیخواتەوە؟!

## 5 زەمانە

گوڵە گەنمی هەڵکشاوم، لەتاوی لوورەی ڕەشەبا، ملم ناوە بەلارەوە.. چونکە باڵام کەمێ لەوان بڵندترە، منی کردووە بەنیشانە و شاڵاو دێنێ؛ ڕەشەبای هار.. ئای زەمانی دەم بەلرفەو هات و

هاوار.. خۆمن پوشوو نیم تۆ ئاگر، لەپڕێکدا بەربوویتە تان و پۆی تەمەن.. نەمن تاشە سەهۆڵم و نەتۆش هەتاو، بالاّم بکەیتە بنەمۆم. هەر چرکەیەک، لەلێواری گۆڕم نزیک خەیتەوە. ئای زەمانە! هەموو هەناسەیەک بۆمن نوێیت.. چ هەتوانێکی نیانی.؟! چەند دۆستێکی میهرەبانی..؟! دێیت کۆڤانم سارێژدەکەی و خەمەکانم دەسڕییەوە.

## 6 بەراورد

بەقوربانی ئەستێرەی ئاسمانی خۆم بم. هەتا ساوایەک بگری، خەو ناچێتە چاوانی و ڕایدەژەنێ. خۆر لێرە چەند بێوەفایە. مانگی جارێکیش سەرنادا.. بەقوربانی خۆری وڵاتەکەی خۆم بم، چەندی من و چەندی لوتکەو چەندی بانگخۆشکە خۆشدەویست؟! بەبێ ئێمە پەنجەی بەئاوا نەدەکرد. هەموو ئێوارەیە هەتا دەستەیەک قەڵەمڕەنگی نەکردایەتە توورەکەی شەوی بەراتم، نەدەڕۆی.. هەتا چەپکی گزنگی بەدیاری نەهێنایە، چیرۆکێکی پێبنووسم، نەدەڕۆیی.. تەوێڵی لوتکەی ماچ دەکرد، دەستی بەسەریا دەهێنا و ڕەنگی بەسەر باخچەی ساوایاندا دەبەشییەوە، بیکەن بەکاغەزی ئەعمال، ئەوجا مالاّوایی دەکرد. بەقوربانی ماڵە کەلاوەکەی خۆم بم، نە شەرقی بوو نەغەربی، گەراجێک و ژێرزەمینێ، ناندێنێک و دوو کەلەگی. زستان بێ نەوت، هاوین لەگەرما دەبرژاین. بەلاّم لەوێ، ئەگەر ژنێ بێزووی بە یاپراخی گەلاّمێوەوە کردبا، دەهاتە بن، دالّیتی سەر گەراجە بێ سەیارەکەم. بەلاّم لەوێ، هەر (لادا) یەک، شەوێکی تۆف لێیقەومایە. سەری بێخەمی دەنایە سەر چیمەنتۆی درزبردووی گەراجەکەم.. هەر منداڵێ حەزی لەتەڕەتوو بووایە، بێئەوەی لەدەرگە بدا، تاکێ پێلاّوی دادەکەند، دەیگرتە چلێکی بەرزی دارتوویەکی پێش ماڵەکەم. لەم بەستەڵەکی باکوورەیش، نەمێو دەڕوێ و نەدارتوو؛ نە گەراج ماو نەکەلەگی!!

## 7 گەورەبوون

گەورەبووم و باوکم ئێستە ماچم ناکا و نامکاتە قەڵاندۆشکانی. دایکم لەناو تەشتا نامشوا و خورما و ڕۆنم بۆ لێنانێ.. خالّم لە (قەرەداخ)ەوە نایە و فەریکە چوالەم بۆ ناهێنێ، تا بەبیانووی ئاودانەوە خۆم هەڵدەمە سەرپشتی کەرەکەی و تەتەشم تەتەشم، یەکدوو سەڵەف بیرەتێنم.. ئەمنە خانی خوشکی گەورەم بەبۆنەی دەرچوونمەوە، قەرەوێڵەم بۆناکرێ.. کەسێ ، خزمێ، جەژنانەیەکم پێنادا.. یەکێ نایە دەستم بگرێ و لەگەڵ خۆیا، جارێ بمبا بۆ سینەما.. تەنانەت مامە ڕەشەش بەهۆی فەحسی تووتنەوە نایە، تا سەدفلسییەکی گەورەم بداتێ و پێی خەنی بم.. خۆزگە قەت گەورە نەدەبووم! نە لەڕووم دێ گوڕبخۆمەوە و بازێ بدەم.. نەدەتوانم بقیرێنم.. یان بەدەنگە ناسازەکەم بۆخۆم گۆرانییەک بچڕم.. یان کۆلارەیەک هەڵبدەم.. یاخود تاوێ مووشێن و مزراحێن بکەم.. هەر هیچ نەبێ وەکو ئەوسا؛ لەپای ئەو ناماقووڵییانەی دەیانبینم، دەیانبیستم؛ سەرو شیرپیان بۆ دادڕم.. بریا قەت گەورە نەدەبووم!!

## 8 گەلاّ

هەتا گەڵایەکی گەش بووم، سەوزێکی تێر، بەسەر پەلی درەختەوە؛ سێبەرم بۆ دڕکیش هەبوو. شەماڵ سڵاوی لێمدەکرد.. ئەستێرە ماچی هەڵدەدا.. خۆر دوای ڕۆژباش، شانەی بەپرچما دەهێنا.. بای بایم لەزارۆ دەکرد، کە دەچوونە باخچەی ساوا.. هاوسێی دەستە ڕاستی هەنگ و هی دەستەچەپی پەپوولە.. سایەبانی هێلانەی زەردیوەلی و جرەبەگزادە و قومری بووم. بنباڵم پڕبوون لەمیوە.. ڕەشەبا دەیدا بەتەکما و لەوسەرەوە بە وژەوژ بەبن هەنگڵما ڕەت دەبوو، باکم نەبوو.. لە ئۆرکسترای ژەنینی سروەی شەماڵ و چریکەی بولبول و گمەی کۆترە باریکەدا، میوانی ڕیزی پێشی پێشەوە بووم. تنۆکی باران، بەدەم تریپەوە گۆنامیان ڕادەمووسی و ئەوسا دەخزانە سەرعەردی فەرشی بەرپێم. لەبەرزاییەوە دەمڕوانی.. ئەمێستاش لەگیانەڵادا؛ مسرەنگم و لەپەوڕوو، کەفتەکارو تەختی زەویم.. ئەو زەوییەی چەتری سەری بووم ؛ بۆ تاوێکێش نامگرێتە خۆی.. هەر ئەو شەماڵەی جارانە شەرم ناکا، هەر بە فوویەک پاڵم دەدا و ڕامدەماڵێ.. چاوم لییە وا خۆلڕێژێ، جاران لەسایەما دەنوست.. گەسکێکی درێژی پێیەو بۆلای من دێ. نیازی وایە لەگەڵ تویکڵە پاقلە و قونکە سیگارا لوولم بداو و تووڕمداتە نێو عارەبانەی زبڵەکەی!

**9 دیکتاتۆر**

بەم شەوگارە پرچی وشە دەهۆنمەوە.. لەسایەمدا بەمافی خۆیان شادبوون و هەتا فیدراڵی گەیشتوون. وشەیش وەکو ئێوە زیندوون.. دەگرین دەنوون.. نامەی دڵداریی دەنووسن.. دەتریقینەوە و دەشغەزرێن.. وەلێ ئەگەر ئاڵای یاخیبوونیان هەڵکرد؛ جاڕی جیابوونەوەیان دا. نایسەلمێنم!!.. تووڕەم کەن و گەییە تینم، لەپشتەوە  توند توند باڵیان دەبەستم و لە چیرۆکێکی تاریکدا، تاهەتایی بەندیان دەکەم!!

**10 ئابلۆوقە**

بۆئەوەی ئابلووقەی باڵندەکانیشم لەسەر لاچێ، ناچارمام لەسەر باڵکۆنی ماڵەکەم بنووسم: عێراقی نیم.! چەند ئارامە شەوی ئێرە. نە ترەینم لێ نزیکە و نە میترۆ، تاکو هەراسانم بکەن. پشیلەیەک سەرم نادا، دزەکانیش پێدەزانن، هیچم نییە و پەیژە بە ماڵمەوە نانێن. زساتانان، کەبەفر دەکەوت، لەسێباری نیوەشەودا، ڕێوییەکی چاوزەردی، فەروو زەردی کلک درێژ، بەبێ ئەوەی بباقێنێ، سەری دەنا بەپەنجەرەی ژوورەکەمەوە.. ئەوا ئێستاکە بەهارەو ئەویش نایە.. مراوییە کێوییەکان باڵکۆنی گشت ماڵێکی گەڕەکیان بەسەرکردەوە و هێلانەیان تیا بنیات نا، بێجگە لەبەرهەیوانی ماڵەکەی من. چاوم لێیە بێچووەکانیان بەلەنجەو لارو بێپەروا دەجووکێنن. دێن و دەچن. کەچی مریشکە ڕەشەیە، قەلەباچکەیە، سەرێ بەلای کەلاوەکەی ئێمەدا لار ناکەنەوە. پێدەچی ئەوانیش بزانن لە عێراقەوە هاتووم و لەوانەیە ئوتومبیلێکی مینرێژکراو بئاژووم ، یان لوغمێکیان بۆ بچێنم. ئەگینا بۆ؟!

**11 جووتێ کۆتر**

لە مەیدانی (غۆد هووس پلاس) گەلێ جاران، تەنیایی دەگاتە تینم. لەسەر کورسییەک هەڵدەئاژێم. جووتێ کۆترە شینکەی سەرباڵ ڕەش؛ گەردن مۆری دەنووک کورتی پێ پەمبە، ئەوێیان کردۆتە مەفتەن.. هەر گەیشتم و نەگەیشتم، بەلەنجە و لار دەگەنەلام.. دێنە سەر دەستەکانم و هەڵدەفرنە سەرشانم و بۆنم دەکەن. سەر بە ژێر بلووزەکەمدا دەکەن و دوای دەنووکبارانی نەرمی جەستەم، لەبان لەپی دەستی چەپم، ئەو دەستەی لەلای دڵمەوە هاتووە، دەنیشنەوە..! ئەوان لەسەر خوانی دەستی چەپم نەبێ دان ناخۆن!!.. جارێ دەستی چەپم دەکەنە خوان و جارێکیش دەیکەنە هێلانە!!. یاران، بڵێی ئەم جووتە کۆترە ڕۆحیانەتی تەرەی دوو دڵخواز، لە خزمە ئەنفالکراوەکانی قەراخ و گەرمیانم نەبن و لەترسانا لەم باکوورە گیرسابنەوە و بۆنی غەریبییان بەمنەوە نابێ؟! هانام نییە، مەگەر نەختێ لەولاتر لە (هۆ. سی. ئەنەس) بپرسم!

* غۆد هووس پلاس: تەلاری شارەوانی کۆبنهاون، کە لەسەنتەری شاردایە.

* هۆ. سی. ئەنەس: نووسەری بەناوبانگی دانیمارک(هانس کریستیان ئەندەرسن)، خۆیان بەکورتی وبەو شێوەیە ناوی دێنن و پەیکەرێکی لەپاڵ تەلاری شارەوانیدا هەیە.

## 12 زەمەن

ئەم ڕووبارە چەن بێشەرمە، من وا ڕۆژباشی لێدەکەم، ئەو هەر دەڕوا و ئاوڕم لێناداتەوە.!. ئای لەو مانگە چەن بەنازە، من وا سەرنجی دەدەم، کەچی ئەو لەبەرم هەڵدێ و لەودیو گەواڵەی هەورەوە، خۆیم لێدەداتە پەنا. بۆئەو حاجی لەقلەقانەیش داخم ناچێ، بەرەو گەرمیان بەسەر شارەکەدا فڕین؛ بۆ شەوێکیش لایان نەداو نەیانکردین بە خانەخوێ. تەنانەت ئەم بەیانییە هاندیکاپەکەی دراوسێم بەسواری سێچەرخەکەیەوە (های)یەکی کرد و تێپەڕی، چاوەڕوانی وەڵامی هایەکەی نەبوو.. ئای لەم زەمەنە خێرایە، من درەنگمە و دەمەوێ بەژوانی دەزگیرانەکامدا بگەم، کەچی بۆ تەنیا چرکەیەک لەسەرم ڕاناوەستێ و هەر مل دەنێ! خۆشی نازانێ بەرەو کوێ؟ چارم هەر ئەوەیە بەشمشێرێکی تەختەوە پێشی کەوم.

## 13 کورت کردنەوە

ئەم شۆخەژنە، لەچاوی پیس بەدووربێ؛ کورت کردنەوەی وانەی ماتماتیکی هێنامەوە یاد. ئەم شۆخە ژنەیش کورتکراوەی گەردوونە!.. ئاسمان و زەریا لە چاوانیدا. ئەستێرەو هەور، لەسەرپۆشە پوولەکە ڕێژەکەیدا. شۆڕەبی و ئاوەنیا لە ورشەی پرچەکانیدا. گوڵزاری دنیا لەبۆنی عەتریدا. تریفەی مانگ لەخەندەیدا. جریوەی مەل لەدەم و لەبزیدا، وەختێ پێیدەڵێ: (وەرە لەدەورت گەڕێم!!) ئەم ژنە باڵا چون ئالایە، چەندی خۆش پێیدەکەوێ، کۆرپەکەی ڕادەمووسی و دەیکاتە ئامێزی.. ئەم بینایی چاوانەش چەند پەیکەرسازێکی ڕەوانبێژە؟!

## 14 جوانکاری

کەپووم نەختاڵێک درێژ بوو؛ جاچی تیایە؟ نەشتەرگەرییان بۆ کردم، دەڵێن ئێستا عەیبی نییە.. لێوم وەک لێوی کەروێشک بوو؛ ئەو درزەی بۆ دووریمەوە کاکی نوژدار.. هەرچی بالآمە؛ ئەوەیان کەی کێشەیە؟ پێلاو، بۆی هەیە بستێکیش بالآم سەرخا.. گوێشم تۆزکاڵێ گران بوو. ناردم ئامێرم بۆهات و لە گوێچکەم بەست. وژەوەژ کاسی کردووم؛ وەلێ سەدجار شوکر بۆخوا، ئەو کەمایەسییەش نەما.. کوت وکوێر بووم ؛ بە چاویلکە چارم کرد و سەبارەت بە سەری (حۆت)م، لەو ولآتی بەستەڵەکە کالآوقژێکی ڕەش ڕەشیان بۆ چێکردم؛ تا مردن و دوای مردنیش سپی نابێ.. بەم شێوەیە، هەرچی خەوش هەبێ نەمما!!..کەچی ئەوە ماوەیەکە لە چاویلکەکانمە دەبینم، بەهۆی ئامێری پشت گوێمەوە دەبیستم، پسکە پسکیانە و لەگەڵ منیانە، وەک بڵێن:(( تۆ زۆر قەل و بێئاوەزی!! )) عەشرەت هاوار بێنە فریام، ماخۆلانم پێکەوتووە.. هەرچەند سەر دێنم و دەبەم نازانم ئەم قەلێتییەم چۆن چاربکەم؟ ئاوەز، لەکام کۆگاو لای کام نوژدار و کامە ولآت پەیدا بکەم؟!

حۆت: سەری بێموو ، سەری ڕووتاوە

## 15 **ئێرەیی**

دەستی ڕاستم لووت هەڵناکا، وەختێ چەپم سێوە لاسوورەیەکی پڕچنگی پێیە، خۆش خۆش قەپاڵی لێدەگرێ و بۆنی دەکا. چاوی ڕاستم پێی قالَس نابێ کاتێ چاوی چەپم دەفرێ. تەنانەت لە سەقەمی زستانیشدا، ڕوومەتی ڕاستم ئێرەیی نابا وەختێ لای چەپم لەخۆرەتاوە.. لاقی چەپم ساردی نانوێنێ، کەمن هەردەم لە گەڕانەوەدا، ڕاستە پێشدەخەم و ئەو یەکەم جار بەگەرم و گوڕیی ماڵەکەم خەنی دەبێ. ئەوەنییە لێوەکانم پێکەوە ئامادەی ماچن و گوێکانیشم پێکەوە هەواڵی کۆستەکەیان بیست و چاوەکانم پێکڕا بۆ شەهیدان فرمێسکیان ڕشت ؟ ڕەوەکەیش هەموو پێکەوە فڕاندمیان و گەیاندمیانە دامێنی ئاردبەبا.

## 16 **شکانەوە**

دەک بێبەڵابی شەکرەژن، بەسەرما مەنوشتێرەوە، با ڕووم نەشکێ ؛ من کەنەختێ کورتەبالآم؛ لە بێشکەوە چرووساوم.. لەم جیهانە بەرینەدا، هیچ شتێ بەکامی دڵی خۆم نەبوو.. ئەی بێقەزابێ شۆڕەژن، بەسەرسامی لەڕوخسارم ڕامەمێنە.. ئەو تیشکەی وا لەچاوە شینەکانتەوە هەڵی کردووە جەستەمی خستۆتە سەر ئارەقەی شەرم.. چ قەیدی من گەنمڕەنگم. خۆ مەسیحیش بەوێنەی من گەنمڕەنگ و؛ پرچی ڕەش بوو. ڕەنگم چ خەوشێکی تیایە؟ ڕەنگی منیش وەک ڕەنگی تۆ، خۆم هەڵم نەبژاردووە، بەشی خوایە.. پەریی باکوور؛ هەڵسەنگاندن ئاوانابێ. تۆ لە دەروونم بڕوانە، هەتاوی لێ ئاوانابێ!!

فێبرووەری 2005